# تەرحیل کردنی پیشمەرگەیەک لەکەرکوک

هیوا کەرکوکی
28.2.2005

بەعس زۆر دڕندە بوو, وامان دەزانی هەر ئەو کورد تەرحیل دەکات بەڵام ئەو کاتەی حزبە کانی ناو کورد دەسەڵاتیان وەرگرت تەرحیلی کورد لەلایەن حزبەکانەوە دەستی پێکرد لە شەری کورد کوشتندا هەرلایەک بە کۆمەڵی بیانو ئەندامو لایەنگری ئەوی تری تەرحیل دەکرد خۆ بەعسیش کەسیکی تەرحیل بکردایە کۆمەڵی بیانوی بۆ دەهینایەوە یان هەلسۆ کەوتەکانی دەسەڵاتدارانی بەعس وای دەکرد خۆت شارەکە بەجی بهیڵی.

کاک مستەفا چالاوی بۆ ماڵی باری کرد بۆ چەمچەماڵ؟
ناو براو یەکی لە پیشمەرگە ماندووەکانی رۆژانی سەختی کوردایەتیە لە سنوری کەرکوک ساڵەکانی هەشتا ئەم کادیر بۆ لەو سنورە بە کەسیکی پاکیش ناسراوە هیچ کیشەیەکیشی بۆ حزب و کەس دروست نەکردووە بەڵام لەو تەکەتولەی جەلال ئاغا نیە کە لیپرسراوی مەلبەندی کۆیلەکانە کاک مستفا پیش جەلال ئاغا ماڵەکەی بردەوە بۆ ناو کەرکوک تاکو ئیستا مەسئولەکەی ماڵەکەی لە سلیمانیە

مستەفا کرایە نوینەری مام جەلال لە کەرکوک بەڵام جەلال ئاغا هەمو دەسەلاتەکەی لی سەندبو وەک فەرمانبەریک لە مەڵبەند کاری دەکرد ئەمەش چونکە جەلال ئاغا مام جەلال هەمو دەسەڵاتیکی پیدابو لەم تەکەتولەی ئەم جارەی ناو یەکیتی مستفا و کۆمەڵی کەس لەگەڵ باڵی م س بوو ئەوە بوو بە بریاریکی مام جەلال لە نوینەرایەتی دەرکرا بەڵام ئەم کیشانە هی ساڵەکانی شاخە هینایانەوە ناو شار جەلال ئاغاو مستفئ لە سنوری کەرکوک پیکەوە کاریان دەکرد زیاتر ئەوەیە

جەلال ئاغا نایەوی لە سنوری کەرکەک کەس پی بگات کاک مستفا یەکی لەو زەحیانەی جەلال ئاغایە هەمو مەسەلەکانیش دەگەریتەوە بۆ بەریز مام جەلال بە هەمو شیوەیەک پشتگیری جەلال ئاغا دەکات لە سنوری کەرکوک .

کاک مستەفا ناچار بووە کەکوکیش بە جی بهیڵی دوور نیە بڕواتە گوندیک وەک ساڵانی هەشتاکان .بە دەیان خەڵکی وەک کاک مستفا لەناو یەکیتی بونەتە زەحیەی جەلال ئاغا ئەمەش بە زەرەری یەکیتی دەگەریتەوە((ماڵ بارکردنی مستفا لە هەواڵ بلاو کرایەوە هەواڵ رۆچنامەیەکی سەر بە یەکیتیە ))